# پێشگریمانە لەڕیکلامی بازرگانیدا
# شێوازی گاڵتەجاری بەنموونە

**شوکر محەمەد ساڵح**
م. بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین
shukur.saleh@su.edu.krd

**ئاسۆس ئەنوەر سلێمان**
م. بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری
پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
asos.sulaman@epu.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پێشگریمانە لە ڕێکلامی بازرگانیدا- شێوازی گاڵتەجاڕی بەنموونە)، باس لەوە دەکات، کە زمان چ ڕۆڵێک دەبینێت لە ئامادەکردنی ڕێکلامی بازرگانی تەلەفزیۆنیدا، زمانی ڕێکلام دەبێت زمانێکی ئاسان و پوخت و سەرنج ڕاکێش بێت، بۆ ئەوەی بەرانبەر ڕازیبکات، بۆ کڕینی بەرهەمەکە، ئینجا لەوێشەوە ڕۆڵی پێشگریمانە خراوەتە بەرباس، کە چەندە گرنگە بۆ ئامادەکردنی ڕێکلام، دەبێت ڕێکلامساز خوێندنەوەیەکی باشی هەبێت بۆ بیری بەرانبەر ئەمیش لە ڕێگای پێشگریمانەوە حەز و پێویستییەکانی بزانێت، لەم باسە شێوازی گاڵتەجاری کاری لەسەر کراوە، چونکە لە ڕێکلامدا گرنگە بینەر بخرێتە ژێرکاریگەرییەکەوە و ئاڕاستەی بیری بگۆڕێت، بۆ ئەوەی چێژی لێوەرگرێت، دواتریش بکەوێتە باری ڕازیبوون، هەڵبەتە ڕیبازی شیکاری گیراوەتەبەر بۆ شیکردنەوەی نمونەکان، لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە کە ڕێکلام زۆر پشت نابەستێت بە ڕاستییەکان و ژمارە، وەک ئەوەی زیاتر پشت بە وروژاندنی لایەنی دەرونی و سایکۆلۆژییای بەکاربەر دەدات، ئەمەش بە ڕوونی لە زمانی ڕێکلامدا دیارە. شێوازی گاڵتەجاری لە ڕێکلام کاریگەری زیاترە لەسەر بەرانبەر و زۆرترین کاردانەوەشی دەبێت، بەهۆی هەستێکی خۆش بە بینەر دەبەخشێت و دواجاریش دەبێتە هۆی ڕازیکردنی. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش و چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە بەشێوەیەک:

بەشی یەکەم باس لە(پێشگریمانە لە ڕیکلامدا) دەکات، ناساندنی پێشگریمانە و ڕیکلام، ئینجا ڕیکلام و کاریگەرییەکانی، ئامانجەکانی ڕیکلام، هۆکارەکانی کاریگەربوون و ڕازیکردن لە ڕیکلامی بازرگانیدا، شێوازەکانی دارشتنی ڕیکلامی بازرگانی.

بەشی دووەم باس لە (ڕۆڵی زمان لە پێشگریمانەی ڕیکلام بەگشتی و شێوازی ڕیکلامی گاڵتەجارانە بەتایبەت)دەکات، باس لە پێشگریمانە لە ڕیکلامی بازرگانی دەکات، ڕۆڵی زمان لە پێشگریمانەی ڕیکلامی بازرگانیدا، بنەما زمانییەکانی ڕیکلام، ڕازیکردن و هەنگاوەکانی ڕازیکردن، بنەماکانی ڕازیکردن لە ڕیکلامی بازرگانیدا، شێوازی گاڵتەجارانە لە ڕیکلامی بازرگانیدا، شێوازەکانی خستنەڕووی ڕیکلام بەشێوازی گاڵتەجاڕی.

کلیلە وشەکان بریتین لە: زمان، پێشگریمانە، ڕیکلامی بازرگانی، شێوازی گاڵتەجاری، ڕازیکردن.

**پێشەکی**

**١- ناونیشانی توێژینەوە**

توێژینەوەکە بەناونیشانی(پێشگریمانە لەڕیکلامی بازرگانیدا- شێوازی گاڵتەجاڕی بەنموونە) باس لەوە دەکات، ڕۆڵی پێشگریمانە چییە لە ڕیکلامی بازرگانی تەلەفزیۆنیدا. بەتایبەت لە شێوازی ڕیکلامی گاڵتەجاڕی.

**٢- ڕێبازی توێژینەوە**

ڕێبازی شیکاری گیراوەتەبەر، لە ڕیگەی بەکارهێنانی پێشگریمانە لە ئەنجامدانی ڕیکلامی گاڵتەجاری تەلەفزیۆنیدا.

**٣- پرسیاری توێژینەوە**

توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

١- ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان زمان و ڕیکلامدا؟

٢- ئایا ڕیکلامکردن بۆ ساخکردنەوەیە، یانیش بۆ ناساندنی بابەتی نوێ؟

٣- ئایا پێشگریمانە چ ڕۆڵێک دەبینێت لە ئاراستەکردنی ڕێکلام؟
٤- ئایا شێوازی گاڵتەجارانە بەچ مەبەستێک بەکاردێت لەڕێکلامکردندا؟

**٤- گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوە دایە، کە بەرلەوەی ڕێکلام ئامادەبکرێت، چ بکرێت باشە، پێشگریمانە ئەم ئەرکە هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوەی سەرەتا دەبێت بزانین ڕێکلامەکە ئاراستەی کێ دەکرێت، بەچ مەبەستێک ئەنجام دەدرێت.

**٥- ناوەرۆک و پلانی توێژینەوە**

باسەکە لەدوو بەش و چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

بەشی یەکەم باس لە(پێشگریمانە لەڕێکلامدا) دەکات، ناساندنی پێشگریمانە و ڕێکلام، ئینجا ڕێکلام و کاریگەرییەکانی، ئامانجەکانی ڕێکلام، هۆکارەکانی کاریگەربوون و ڕازیکردن لە ڕێکلامی بازرگانیدا، شێوازەکانی دارشتنی ڕێکلامی بازرگانی.

بەشی دووەم باس لە( ڕۆڵی زمان لە پێشگریمانەی ڕێکلام بەگشتی و شێوازی ڕێکلامی گاڵتەجارانە بەتایبەت)دەکات، باس لە پێشگریمانە لە ڕێکلامی بازرگانی دەکات، ڕۆڵی زمان لە پێشگریمانەی ڕێکلامی بازرگانیدا، بنەما زمانییەکانی ڕێکلام، ڕازیکردن و هەنگاوەکانی ڕازیکردن، بنەماکانی ڕازیکردن لە ڕێکلامی بازرگانیدا، شێوازی گاڵتەجارانە لە ڕێکلامی بازرگانیدا، شێوازەکانی خستنەڕووی ڕیکلام بەشێوازی گاڵتەجاری.

# بەشی یەکەم: پێشگریمانە لە ڕیکلامدا

### ١-١: پێشگریمانە:

زاراوەی(Presupposition) وشـــەیەكی ئینگلیزییـــە و لـــە دوو كـــەرت پێكهـاتووە، پێشـگری (Pre)، بـەواتای (بـەر)یان (پێش)دێـت و( Supposition) بەواتای گریمانە یان وا دانان دێت.(كەریم، ٢٠٠٩: ٤٠)٠

پێشگریمانە، بریتییە لە هەڵێنجانی واتا لە ڕستەیەكی دیاركراو لەلایەن وەرگری ڕستەكەوە، بە لەبەرچاوگرتنی جۆری ڕۆنانی ڕستەكە و دەوروبەر و بـارودۆخی گشـتی گـوتنی ڕسـتەكە، لەگـەڵ چەنـدان زانیـاریی دیـاركراوی تر(كەمال، دیار عەلی: ٢٠٠٩ : ٩٦)، بە جۆرێك كاتێك وەرگر لێكدانەوە بۆ مانا و مەبەستی نەوتراوی ڕێكلام دەكات و بەجۆرێك تێی دەگات، ئەوكاتە خودی ئەم تێگەیشتنەی بە پێشـگریمانە دادەنرێت، بەشـێوەیەك وەرگر بەپێی پێشینەی زانیاری و ئەو شـارەزاییەی كە لەسـەر بابەت و بوارەكە و سیاقی گوتنەكـە هەیـەتی، دەگـات بـە چەنـد زانیارییـەك، ئـەو زانیارییانـەش بـە پێشگریمانە ناودەبرێن(عەلی، ٢٠١٢: ١٧٥).

پەیوەندییەكی دوولایەنەی نێوان ڕستەكانی زمان لە لێكدانەوەی واتایی پێشگریمانەدا بوونی هەیە، ئەوانیش بریتیین لە پەیوەندیی ناوخۆیی زمانی نێوان ڕسـتەكان لەلایـەك و پەیوەنـدی ڕسـتەكان بـە دەوروبـەری خۆیانـەوە. واتـە پێشـگریمانە بوارێكی پراگماتیكییە زیـاتر لـەوەی سیمانتیكی بێت، وەك چۆن هەر دەربڕینێك لە ڕووی لۆجیكییەوە واتایەكی دیاركراوی هەیە، كەچی دەكرێ ببێ بە ئاماژە بۆ مەبەستێكی دیكە، كە بارودۆخێكی تایبەت دروستی كـردووە، ئەمـەش لایـەنی پراگمـاتیكی پێشـگریمانە پێكـدەهێنێت، زۆرجـار دەوروبـەری گـوتن و ڕێككـەوتنی كۆمـەڵگا واتـا بـە وشـە و دەربڕینـەكان دەبەخشن ، نەك واتای فەرهەنگی خودی وشـەكان، ئەمـەش لـە پێشـگریمانەی ڕێكلامی بازرگانیدا تێبینی دەكرێت، بۆ نموونە: وشەی (نەورەس)، كە ناوە بۆ باڵندەیـەك بـەكاردەهێنرێت، كـەچی بـەهۆی ڕێكلامێكـەوە بـۆ بـرنج و چـاو و ساواری نـەورەس، تـەنها گـوتنی ئـەم وشـەیە لەڕێكلامەكـەدا، بۆتـە ئامـاژە بـۆ

جۆرێکی تایبەتی برنج یان چا، بەپێی بارودۆخی ڕێکلامەکە. یاخود (بەڤیتە) وەک کردارێک لەڕێکلامی برنجی مەحموودا چەند جارێک دووبارە کراوەتەوە، بۆیە لەناو خەڵکیدا بووە بە ئاماژە بۆ ئەم جۆرەی برنج.

گرنگە لەڕێکلامدا فرۆشیار ئەو بیرۆکەیەی کە بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی کڕیاری دەکات ئامانجی ئەو پێشگریمانەیە بپێکێ کە لەلای فرۆشیار مەبەستە و هەمان تێگەیشتن لەلای کڕیار دروست بکات، لەکاتێکدا بەکارهێنانی شێوازێکی ڕاستەوخۆ لە دەربڕین و داڕشتنی ڕێکلامدا ڕەنگە هەندێک کێشە بەدوای خۆیدا بهێنێت و تەنانەت ڕێگەپێدراویش نەبێت. بۆ نموونە: لەهیچ ڕێکلامێکی بازرگانیدا ڕێگەپێدراو نییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ناوی بەرهەمی کۆمپانیا و لایەنێکی دیکە بهێنیت و بەراوردی بکەیت لەگەڵ بەرهەمی خۆت، بەڵام دەکرێ پەیامی ڕێکلامەکە پێشگریمانەی ئەو مەبەستە لەلای وەرگر دروست بکات، ئەویش زیاتر بە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و باڵاوە، بۆ نموونە:

١- (ئەم جۆرەی برنج باشترین جۆری برنجە) یاخود دەوترێت: (ئەگەر دەتەوێ ژیانت خۆشتربێت لە جاران، شوقەیەک بۆ خۆت لە قەیوان سیتی دابین بکە... هتد).

٢- لەڕێکلامی بەرهەمەکانی (فامیلی) دا، سناریۆی داڕشتنەکەی بەمجۆرەیە:

**پاشا: ئەمشەو خەوێکی زۆر خۆش و سەیرم بینی، لەخەوما هەنێ شیرینی زۆر خۆشم ئەخوارد، پێشتر تامی وام نەکردبوو، یەکێکیان زۆر هەڵاتە و ناسک و بەتام بوو، ئەوی تریان، ئەلەرییەوە، تامی وەکو گێلاس بوو، حەزم نەئەکرد تەواو بێت.**

**وەزیری دەستەڕاست: شەعبان وەرە**

**شەعبان: خاتوونەکەم**

**پاشا: تکایە لێکدانەوەو شتم بۆ مەکەن! ئەمەوێ ئەو تامەم بۆ دروست کەن.**

**وەزیر: شەعبان برۆ، بەچاوان پاشای گەورە، داوای لێبووردن دەکەین جەنابی پاشا، ئێمە زۆر هەوڵماندا ئەو تامە دروست کەین، خۆی نەمانتوانی.**
**پاشا: هااا**
**وەزیر: بەڵام، زاناکانمان بێ ئەمەلیان نەکردووین و گەیشتوونەتە نەتیجەیەک.**
**پاشا، ئێ ئێ ئێ! گەیشتوونەتە چی ؟**
**شەعبانی زانا ڕووی دەمی بردە بن گوێی وەزیرو شتێکی گوت.**
**وەزیر: پێکەنی و بەسەرسامییەوە گوتی گیان، ڕووی کردە پاشاو گوتی:**
**ئەڵێ ئەو تامە تەنها بە بەرهەمەکانی فامیلی دروست ئەکرێ خۆی، بۆ ئەمەش ئەبێ ئێئێ دوو هەزار ساڵی تر چاوەڕێ بین.**
**پاشا: چۆن ؟ پوختەی ڕیکلامەکە بەدەنگێکی جیاواز ئەمەی خوارەوەیە:**
**(پێویست ناکا وەکو پادشا دوو هەزار ساڵ چاوەڕێ بکەین، فاملی ئێستا لەبازارەکاندایە، فامیلی بەتام و تەندروست)**
**وەزیر: زۆر زیرەکی مام زانا ، ئەوە تۆ لە شەشا چەندت هێنابوو خۆی.**

ڕیکلامەکە لەسەر زاری پادشاوە لەڕێگای هەڵبژاردنی چەند پەیڤێکی کاریگەرەوە، سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێت، کە بریتین لە: (**ئەمشەو خەوێکی زۆر خۆش و سەیرم بینی، لەخەوما هەنێ شیرینی زۆر خۆشم ئەخوارد، پێشتر تامی وام نەکردبوو، یەکێکیان زۆر هەلاَتە و ناسک و بەتام بوو، ئەوی تریان، ئەلەرییەوە، تامی وەکو گێلاس بوو، حەزم نەدەکرد تەواو بێت).**

ئەمەی سەرەوە سەرەتایەکی کاریگەر و وروژێنەرە بۆ وەرگر، چاوەڕوانە بزانێت ئەم بەرهەمە چییە؟ دواتر ناوی بەرهەمەکەی پێ دەوترێت و نائومێدی دەکەن لە فەراهەمکردنی ئەم بەرهەمە بۆ پادشا، ئینجا کاراکتەری ڕیکلامەکە بە دەنگێکی جیاواز و بەرزەوە ئومێد و چانسی بەکارهێنان بۆ وەرگر دەخاتە بەردەست و دەڵێت: (پێویست ناکا وەکو پادشا دوو هەزار ساڵ چاوەڕێ بکەین، فاملی ئێستا لەبازارەکاندایە، فامیلی بەتام و تەندروست)

مەبەستی سەرەکی ڕێکلامساز، دروستکردنی پێشگریمانەی ئەوەیە لەلای وەرگر :(بیر لە کڕینی بەرهەمەکانی تر مەکەنەوە، چونکە هەموو بەرهەمەکانی پێشوو ناگەن بە هاوشانی ئەم بەرهەمە مە کە (فامیلی)یە. هاوکات مەبەستێتی بڵێ (فامیلی) بەرهەمێکی شاهانەیە، بەمەش ئارەزوومەندی وەرگر زیاتر بکات بۆ بەرهەمەکەیان. بەگشتی لەم سیناریۆیەدا شێوازیکی گاڵتەجاری بەکارهاتووە و چەند پەیڤ و دەربڕینێکی وروژێنەری تێدا بەکارهێنراوە، بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و ڕازیکردنیان، سەرەڕای بەکارهێنانی شێوازی سەرسوڕمان و پرسیار و فەرماندان، کە بە زەقی لە سیناریۆی ڕیکلامەکەدا دەردەکەون.

**١-٢: ڕێکلام**

ڕێکلام ئامرازێکی پەیوەندیکردنە و کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگا هەیە، لە ڕێگای بەکارهێنانی چەندان شێوازی جۆراوجۆر بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان بەرهەم و جەماوەردا، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری زیاتر و خواستی بەرانبەر، لەبەر ڕۆشنایی پێشگریمانە بۆ خودی ڕێکلامەکان و گەیشتن بەئامانجی سەرەکی پەیامی ڕێکلامەکە، کە دیوی ناڕاستەوخۆ و شاراوەی ڕێکلامەکەیە، کەواتە ڕیکلام پەیامێکی مەبەستدارە لەپێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاک یان گروپ و جەماوەر و ئاراستەکردنیان بۆ ئەو ئامانجەی کە نێرەر مەبەستیەتی. ڕێکلام قەناعەتپێکەرە، واتە ئامانج لە ڕێکلام قەناعەتپێکردنی بەرامبەرە، واتە دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر بەرامبەر( عەلی، ٢٠١٢، ١٦٠)، ئەم جۆرە لە کاریگەری زۆربەی کات دەروونییە بەتایبەت لەبواری بازرگانی و سیاسیدا، پێویستە خواست و پێداویستی جەماوەر بە باشی بزانرێت بۆ ئەوەی لەم ڕوانگەیەوە هەوڵی ڕازیکردنیان بدەن. بەگشتی ڕێکلام گەیاندنی ناڕاستەوخۆی ئەو پەیامەیە کە مەبەستی قسەکەری لەخۆگرتووە پێشگریمانە لەلای وەرگر دەکات، واتە دیوی دووەمی تێگەیشتنە لەلایەن وەرگر، بۆ نموونە:

٣- (ئەگەر برنجەکەت سامان بێت، پێویست ناکات کابانێکی باش بیت).

ئەم دەربڕینە پێشگریمانەی ئەوە دەکات، ئەو برنجەی ڕیکلامیان بۆ کردووە باشترە لە سەرجەم بەرهەمە هاوشێوەکانی خۆی، بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی کە ڕکابەرن، هاوکات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستیەتی بڵێت: نهێنی سەرکەوتنی تۆ زانین نییە، بەڵکو جۆری برنجەکەیە، برنجی سامانیش ئەو برنجەیە کە مەبەستە.

**١-٣: ڕێکلام کاریگەرییەکانی**

ڕێکلام بۆ جەماوەر ئامادە دەکرێت، بۆیە دەبێ خواست و پێویستییەکانی ئەوان دابین بکات، گرنگە بە چ شێوازێک دەتوانی پێداویستی کڕیار (بەکاربەر) تێربکەی(عەبدوڵلا، ٢٠١٤، ٥١) بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ خوێندنەوەیەکی وردی لەسەر ئەم توێژە هەبێت و ئەو کەرەسە زمانییانە هەڵبژێرێت کە توانای وروژاندنیان هەیە و کاریگەری لە ڕێکلامدا فەراهەم دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی ڕێکلام بۆ دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر بەرانبەر لەرێگەی توانستی زمانییەوە، چونکە ئەو شێوازە زمانییە ئەو ئاستە دیاریدەکات، کە تاچەند کاریگەرییەکانی دەخاتە سەر هزری بەرانبەر(الشریف،٢٠١٩، ٢١٧ ). بەگرتنەبەری ڕێگە و ئامرازی جۆراوجۆر بە دواداچوون بکات بۆ ئاشنابوون بە خواست و پێداویستییەکانی ئەم جەماوەرە، تا جۆری کالا و ئامادەکردنی ڕێکلامەکەی وروژێنەر و کاریگەربێت لەسەریان و بەڵگەو پاساوی دروست بخاتەڕوو، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر بۆ نموونە:

**بۆ هێشتنەوەی ڕۆخسارتان بە گەنجی، پێویستە تەنها کرێمی ( ؟ ) بەکاربهێنن.**

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕێکلامساز پێشگریمانەی ئەوەی کردووە کە هەموو مرۆڤێک خواستی ئەوەی هەیە بەگەنجی بمێنێتەوە، ئامادەیە هەرچی لەتوانایدا هەبێت بیکات بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، هاوکات دەیەوێت پێشگریمانەی ئەوە لەلای وەرگر دروست بکات، کە بەکڕینی ئەم کرێمە ئەم خواستەیان بۆ دێتە دی، ئەمەش خاڵی بەهێزی

ڕێکلامەکەی پێکهێناوە. پاساوی کڕینی ئەم کاڵایە، بریتییە لە مانەوەی ڕووخساریان بە گەنجی.

**١-٣-١: ڕێکلام و کاریگەری لەسەر بەکاربەر**

ڕێکلامساز بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ڕێکلام، کە ڕازیکردنە لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە هەوڵی دروستکردنی کاریگەری دەدات لەسەر وەرگر، ڕادەی کاریگەری ڕێکلام بەندە بەڕادەی ئاشنابوونی ڕێکلامساز بە پێویستی و حەزوو ئارەزووەکانی وەرگر، ئەم کارەش پێویستی بەخوێندنەوەی ئەم توێژەی جەماوەر دەبێت تا لە هەڵبژاردنی شیوازی ڕێکلامەکەدا سوودی لیوەربگرن، چونکە شێوازی دەربڕین یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکان کە نێرەر بتوانێت جەماوەری پێ ڕازی بکات. (عەلی، ٢٠١٢، ١٦٠). کاریگەری ڕێکلام بەندە بە سروشتی کاڵاو جۆری ئامادەکردن و شیوازی دەربڕینی ڕێکلام و دەوروبەری گشتی پەیوەندیکردنەکە، لەوانە: لایەنی دەروونی وەرگر و کات و شوێنی پەیوەست بە پێشکەشکردنی ڕێکلامەکە و چەندان لایەنی دیکەی وەکو: (لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابووری و ڕەوشتی...هتد) (الخیر، ٢٠٠٥، ٦٤)، وەرگر، بۆ نموونە:

- ئایا تا چەند ڕەچاوی باری دارایی کڕیار (بەکاربەر) کراوە؟
- تا چەند گونجاوە لەگەڵ کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگا؟
- لەشیوازی دەربڕیندا تا چەند ڕەچاوی لایەنی دەروونی کڕیار (بەکاربەر) کراوە؟

دەکرێ هەریەکێک لەم خاڵانەی سەرەوە و چەندان لایەنی دیکە ببنە مایەی دروستکردنی لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کڕیار (بەکاربەر).

**١-٣-٢: گەیاندن لە ڕێکلامدا**

گەیاندنی پەیام بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئامانجی سەرەکی ڕێکلامی بازرگانییە، بەجۆرێک بتوانێت کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی وەرگر دروست بکات و وا بکات بەو بیرۆکە یان بەرهەمە ڕازی بێت. ئەویش لەڕێگای چەندان شیوازی داهێنەرانەی ڕێکلامەوە ئەنجام دەدرێت: (عیسی،

٢٠٠٩، ٦-٧)، گـۆڕان لەڕەوشـت و بیـری بەرانبـەرە، بـە ئاراسـتەکردنی زانیارییـەکان بەشـێوەیەکی کورت و لـە بیرنـەکراو، بۆیـە دەبێت هـەموو کات لەئامادەکردنی ڕێکلام جەخت لەسەر ئەوە بکەینـەوە چۆن کاریگـەری لەسـەر بەرانبەر دروست بکەین. بۆ نموونـە دانانی ڕیتم و مۆسیقا و دروستکردنی هەماهـەنگی لـە نیـوان سروشـتی کـاڵاو جـۆری ڕەنـگ و مۆسـیقاو دووبارەکردنـەوەی دەنگ وشـەکان و ئاوازێکی وروژێنـەر، هاوکار دەبن بۆ ئاسـانی ئـەزبـەرکردن و بەبیرهاتنـەوەی ڕێکلامەکـە لـەلای وەرگر، ئەمـەش بەشێوەیەک دابڕێژرێت کە:

١- ناوی بەرهەمەکە بگونجێت لەگەڵ پەیامەکەی.

٢- ئاسانی گەیاندنی بیرۆکە.

٣- بەڵێنـەکان شـایەنی بـاوەڕپێکردن بـن، نابێـت زیـدەڕۆیی زۆری تیـدا بکرێت.

٤- کورت و پوخت بێ: هەرچەندە ڕێکلام کورتتر بێت، باشـتر لـە هـزری جەماوەردا دەمێنێتـەوە، بەمـەرجێک ئەگـەر پێویستی بەڕوونکردنـەوەی زیـاتر بوو بەو ڕادەیە درێژی بکاتەوە.

**١-٣-٢-١: پاژەکانی گەیاندن**

خودی بەرهەم یان بیرۆکە سەرچاوەی سەرەکی دروستکردنی ڕێکلام و سروشـتی پەیوەندییەکانـە، کـە لـە ڕێگـای ئـەم پاژانـەوە گەیانـدن ئـەنجام دەدرێت(نیرەر، وەرگر، کەناڵ، پەیام- بیرۆکە) لەخوارەوە باسیان دەکەین:

**١-٣-٢-١-١: پەیوەندی نێوان نێرەر و ڕێکلام**

لە پرۆسەی سازکردنی ڕێکلامدا نێرەر بەکاراکتـەری سـەرکی دادەنرێت، چونکە ناردنی پەیام دەکەوێتە ئەستۆی ئەو، بە جۆرێک هـەڵبژاردنی نێرەر لەلایەن ڕێکلامسازەوە دەبێت لەگەڵ جۆری ڕێکلام و سروشتی بیرکردنـەوە و ئارەزووەکانی جەماوەردا بگونجێت، بە جۆرێک بتوانێت کاریگـەری لەسـەر وەرگر دروست و بکات باشترین نواندن ئەنجام بدات. هـەر بۆیـە لەڕێکلامدا

هونەرمەنـــدان، گــۆرانیبێژ و کاراکتـــەرە کۆمەڵایەتییـــەکانیش ڕۆڵ دەبیـــنن (محەمەد، ٢٠٢٠، ٢٤٦).

**١-٣-٢-١-٢: پەیوەندی نێوان وەرگر و ڕیکلام**

ڕێکلام بۆ وەرگر ئامادە دەکرێت، بۆیە نـابێ بێزارکـەر بێت، بـەڵکو دەبێ ڕێکلامساز خۆی لـە وەرگر نزیک بکاتـەوە و پێداویسـتی و هیواکانیـان دابین بکات، ئەمەش پێویستی بە خوێندنەوەیەکی وردی جەماوەر دەبێت، هەربۆیـە تێبینـی ئـەوە دەکرێت ئـەو پەیڤانـەی لـە ڕێکلامـی بازرگانیـدا هـەڵبژێردراون زۆربـەیان گونجـاون لەگـەڵ کاریگـەربوون لەسـەر هەسـتی جەماوەرەکەیـدا (محمد، ٢٠٢٢، ١٢١)

**١-٣-٢-١-٣: پەیوەندی نێوان کەناڵ و ڕیکلام**

ئەو هۆکارەی کە دەمانەوێت ڕێکلامەکەی لە ڕێگایەوە بگەیەنین بـە نێرەر پێـی دەگوترێـت کـەناڵ، لێـرەوە پێویسـتە باشـترین کـەناڵ هـەڵبژێرین بـۆ ئاراستەکردنی بیرۆکەکان، چونکە کەناڵ تا کەناڵ گرنگی خۆی هەیە، چەندە کەناڵەکە دڵخوازی زۆربێت ڕێکلامەکەش کاردانـەوەی باشتر دەبێت، لەبـەر ئـەوەی بابەتەکـە پەیوەنـدی بـە بـاری دەروونـی ڕازیکردنـەوە هەیـە، ئەمـە لەلایـەک لەلایـەکی تریشـەوە کـوالیتی ئـەو گرتەیـەی کـە ڕێکلامەکـەی پـێ ئامـادەکراوە کاریگـەری خـۆی هەیـە، چەنـدەی کـوالیتی ڤیـدیۆی ڕێکلامەکـە باشـتر بێت کاریگـەری زیـاتر دەخاتـە سـەر بەرانبـەر، ئـەوەی ئێمـە کارمـان لەسەری کردووە ڕێکلامـی تەلەفزیۆنییە، لەبـەر ئـەوەی ڕێکلامـی تەلـەفزیۆنی کاریگـەری بـەهێزی هەیـە لەسـەر بینـەران، بـە جۆرێـک خێرا سـەرنجی بینـەر بـەلای خۆیدا ڕادەکێشـێت و لـە زۆربـەی ماڵەکانـدا بـوونی هەیـە و خـاوەنی زۆرتـرین بینـەرە. (جـون کۆرنـل) وای دەبینێـت ئەسـتەمە ڕێکـلام بتوانێـت بەتـەواوەتی کاریگـەری لەسـەر بینـەر دروسـت بکـات، ئەگـەر هەریـەک لـە زانیـاری و چێـژبینین بەیەکـەوە لەخۆنـەگرێت، چونکـە بـەبێ ئـەوەی بینـەر ڕێژەیەک لە چێژ و خۆشی لـە ڕێکلام ببینێ، سەرنجی بەباشـی ناچێتـە سـەر ڕێکـلام (الربـاعي، ٢٠٠٨، ١٩)، بەمـەش ڕێکـلام تـەنها بریتـی نییـە لـە پێـدانی

زانیاری لەسەر کاڵا و بیرۆکەیەک، بەڵکو زیاتر گرنگیدانە بەلایەنی زمانی و شێوازی پێدانی زانیارییەکان، ئەمەش لەڕێگای خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای جەماوەر و تێگەیشتن لەخواست و ئارەزووەکانیانەوە ئەنجامدەردێت. ڕێکلامی تەلەفزیۆنی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

١- کورتی ماوەی پێشکەشکردن

٢- بەکارهێنانی کەمترین وشەو ڕستە

٣- شێوازی ناڕاستەوخۆ لەگەیاندنی مەبەست

٤- هەڵبژاردنی وشەی سەرنجڕاکێش

٥- بایەخدان بە دەنگ و وێنەو مۆسیقا

٦- گونجاوی هێما زمانی و نازمانییەکان

### ١-٣-٢-١-٤: پەیوەندی نێوان بیرۆکە و ڕێکلام

بیرۆکە پایەیەکی گرنگە لەڕێکلامدا، دەبێت بەزیرەکییەوە کار لەسەر ئامادەکردنی بیرۆکەکان بکرێت، چونکە ئەگەر بیرۆکەی ئاراستەکردنی ڕێکلامەکە باش و کاریگەر نەبێت، ئەنجامێکی باش بەدەستەوە نادات، بیرۆکەکان و پێکبەستنەوەیان تا ئاراستەکردنیان دەرووی سەرەکی هەیە لە سەرکەوتنی ڕێکلامەکە و کاریگەربوونی بەرانبەر بە بابەتەکە.

### ١-٤: ئامانجەکانی ڕێکلام

ئامانج لە ئەنجامدانی ڕێکلام ڕازیکردنە، ڕازیکردن بریتییە لە ئامانجی سەرەکی زمان لە پەیوەندیکردندا، ئەمەش لە ڕێگای دەسەڵاتی زمانەوە دروست دەبێت، بەومانایەی کاتێک نێرەر توانای ڕازیکردنی بەرامبەری دەبێت و دەگات بەئامانجی ڕازیکردنی وەرگر، ئەوکاتە وەرگر کەوتۆتە ژێر کاریگەری گوتاری نێرەر و قبوڵی کردووە، ئەمەش خودی دەسەڵاتی زمانییە لە ڕێگای بەکارهێنانێکی سەرکەوتووانەی نێرەرەوە بەدەستهاتووە کە زاڵبووە بەسەر هزرو سۆزی وەرگر و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی گۆڕیوە (خضير، ٢٠١٧، ٨٦)، بۆ پێکانی ئەم مەبەستەش کە ڕازیکردنی وەرگرە لە ڕێکلامی بازرگانیدا، دەبێ کاراکتەری ڕێکلامەکە پاساوی پێویستی هەبێت

بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر، لەنموونەی(٤)، کاتێک دەڵێت: (پێوستە ئەم کرێمە بەکاربهێنیت)، وەرگر چاوەڕێی بەڵگەو پاساو دەکات لە فرۆشیار، کە هاندەربێت بۆ کڕینی کرێمەکە، ئەویش لە ڕێگای ئەو زانیارییانەی کە پێشکەشی دەکات، بۆ نموونە کاتێک پاساوی ڕێکلامساز ئەوەیە: (چونکە بەکارهێنانی ئەم کرێمە پێستی ڕووخسارت لە چرچ و لۆچی دەپارێزێت). خۆ ئەگەر شێوازی بەکارهێنان و گرتەی ڤیدیۆیی بەکارهێنەرانی ئەم کرێمە پێشی بەکارهێنان و دوایی بەکارهێنان نیشانی بینەری ڕێکلام بدرێت، ئەوکاتە ڕێکلامەکە کاریگەری زیاتری دەبێت لەسەر بینەر، چونکە وێنە جوڵاوەکان خۆیان دەدوێن و کار دەکەنە سەر هەست و نەستی بینەر و ڕۆڵی ئەرگۆمێنتی بەهێز دەبینن (محمد، ٢٠٢٢، ١٢٠)، لەخوارەوە چەند مەبەست و ئامانجێکی ڕێکلام بخەینەروو:

١- زیاترکردنی فرۆشتن(ئامانج ڕازیکردنە)، جاری وا هەیە ڕێکلام بۆ کاڵایەک دەکرێت تاوەکو فرۆشی زیاتر بێت، لێرەدا مەبەستی ڕازیکردنی کڕیارە بۆ ئەو کاڵایە.

٢- بۆ ناساندنی کاڵا و شتومەک و شوێن: ئەگەرچی مەبەستی سەرەکی لەمەشدا ڕازیکردنە بەڵام لێردا سەرەتا کار لەسەر ناساندن دەکرێت، ئینجا زیاتر کردنی فرۆشتن.

٣- ڕێکلامی وا هەیە بۆ زیاترکردنی ڕادەی ئەندامانی گروپێک.

٤- ڕێکلامی بۆ مەبەستی پەروەردەیی ئاراستەکردن بۆ ژیانێکی باشتر و خوشگوزەرانی.

**١-٥: هۆکارەکانی کاریگەربوون و ڕازیکردن لە ڕێکلامی بازرگانیدا**

بەشی چارەنووسساز لەزمانی ڕێکلام پێشگریمانەیە، ڕێکلامیش بەسروشتی خۆی قایلکەرە، کەواتە پشگریمانە جۆن لەڕێکلام ڕازیکردن بەدەست دەهێنێت. بۆ ئەمەش پێویستە باسی ڕەگەز و هۆکارەکانی کاریگەربوون و ڕازیکردن بکەین لەوانە:

**١-٥-١: بەکارهێنانی پەیڤی وروژێنەر:**

وروژانـدن یەکێکـە لـە بنـەماکانی کاریگـەربوون و ڕاکێشـانی سـەرنجی مـرۆڤ لـەڕووی هەسـت و سـۆزیدا، ئەمـەش بـە ڕوونـی لەڕیکلامـدا بـەدی دەکرێت، لـەڕێگای چەنـدان هۆکـاری وروژێنـەرەوە، کـە دیارترینیـان ئـەوەی مەبەستی توێژینەوەکەیە، وشەی وروژێنەرە، ئەویش (ئەو وشـانە دەگرێتـەوە کـە سـۆز و هـەڵچوونێکی زیاتریـان هـەبێت و سـەرنجی جەماوەر بۆ خۆیـان ڕابکێشـن و کاریگـەری لەسـەر هەسـت و سـۆزی جـەماوەر دروسـت بکـەن(عـەلی، ٢٠١٢، ١٠٤)، وشـەی وروژێنـەر لـە زۆرینـەی ڕەهـای ڕێکلامـە بازرگانییەکانـدا بـەکاردەهێنرێن، بـە مەبەسـتی بـە بـازاڕکردنی کاڵاکانیـان و ڕازیکردنیان لەڕێگای ئەم وشانەوە، بەتایبەت وشـەکانی (ئاوەڵنـاو و ئاوەڵکار و کـار) و پارتیکلـەکانی وەکو: (ئـەها، ئۆ، وای، تـێح، ئیف...هتـد)، کـە دەکرێ وەک وشەی وروژێنەر بەکاربهێندرێن.

**١-٥-٢: دووپاترکردنەوە (پاتکردنەوە)**

دووپاتکردنەوەی کەرەسە زمانییەکان لـە زۆرینـەی ڕەهـای ڕێکلامەکانـدا سـوودی لێوەرگیراوە، ئـەویش بـە مەبەسـتی جێگیربـوونی ئـەم زانیارییـە لـە هزری نائاگای وەرگر(عمر، ٢٠١٣، ٢٦)، و دروسـتکردنی لینکێک لـەنێوان ئـەو وشــەیە و بەرهەمەکــە، بــەجۆرێکی وا هــەرکات وەرگــر یــەکێک لــەو وشــە دووبارەکراوانـە دەبیسـتێ، ڕاسـتەوخۆ بەرهەمەکەی دێتـەوە بیـر، بۆ نموونـە: ڕێکلامـی برنجـی سـەهەند، کاراکتـەری سـەرەکی کۆمیدییـەو چەنـد جارێـک وشــەی (عەجیبــە) بــەکاردەهێنیت، وەک چــۆن بــۆ برنجــی مــەحمود وشــەی (بەثیتــە)، ئــەم وشــانە بــە هۆکــاری دوپاتکردنــەوەیان توانــای مانــەوە و جێگیربوونی ڕێکلامەکەیان لە هزری وەرگردا دروستکردووە.

**١-٥-٣: شێوازی دەربڕین و دەستکاریکردنی وشە و زاراوەکان**

دەکرێت بڵێین: ئـەم هۆکارەیـان زیـاتر لـە ڕێکلامـی بازرگـانی گاڵتـە ئـامێز ڕەنگدانـەوەی زیـاتری هەیـە، بـەجۆرێک ڕێکلامسـاز زاراوەکـە دەردەبڕێت کـە گۆڕانکـاری بەسـەردا هێنـاوە (الصـيرفي، ٢٠١٧ ، ٩)، ئەمـەش بـە مەبەسـتی

دروستکردنی کاریگەری زیاتر و ڕازیکردن بێنێتە ئاراوە، بۆنموونە وشەی (بەثیتە).

**١-٦: شێوازەکانی داڕشتنی ڕێکلامی بازرگانی:**

بەگشتی دوو شێوازی سەرەکی لە داڕشتنی ڕێکلامدا تێبینی دەکرێت، کە بەپێی جۆری شێوازەکان پێشگریمانەی وەرگریش دەگۆڕێت، چونکە وەرگر بەپێی پێشینەی زانیاری و ئەو شارەزاییەی کە لەسەر بابەت و بوارەکە و سیاقی گوتنەکە هەیەتی، دەگات بە چەند زانیارییەک، ئەو زانیارییانەش بە پێشگریمانە ناودەبرێن (عەلی، ٢٠١٢، ١٧٥).

**١-٦-١: ڕێکلامی ڕاستەوخۆ:**

ئەم شێوازەی ڕێکلامە کە پەیام و مەبەستی ڕێکلامساز تەریب لەگەڵ یەکتردا دێن و بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ دەگەن بە وەگر، بەجۆرێک هەڵێنجانی واتای پەیام لە واتای فەرهەنگی و سیاقی زمانیی خودی کەرەسە زمانییەکانەوە دەست دەکەوێت، بۆیە جۆری پێشگریمانەش لەلایەن وەرگرەوە بە ئاسانی دەردەکەوێت.

**١-٦-٢: ڕێکلامی ناڕاستەوخۆ:**

مەبەستی سەرەکی نێرەر پێکدەهێنێت، ئەگەرچی ئاشکراو ڕوون و ئامانجدارە لەلای ڕێکلامساز، بەڵام مەرج نییە لێکدانەوەی واتا و پێشگریمانەی لەلای هەموو وەرگرێک هاوشێوە بێت، چونکە هەڵێنجانی واتا و جۆری پێشگریمانەی وەرگریش لەم شێوازەی ڕێکلامدا پەیوەستە بە دەوروبەر و هێما نازمانییەکانەوە، هاوکات ئاستی ژیری بەرانبەر لە لێکدانەوەی ئەم جۆرەی واتا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت. دەربڕینەکانی مەرج نییە زۆر بابەتی بن، بەڵکو هەندێکجار نالۆجیکین و زێدەڕۆی تێدایە(الصیرفي، ٢٠١٧ ، ٩)، بۆ نموونە لە ڕێکلامی برنجی مەحمود:

٥- باشترین جۆری برنج برنجی مەحمودە، ئەگەر برنجەکەت مەحموود بێ هەموو شتێکی تر بەثیتە.

واتـای لـۆجیکی دەربڕینەکـە لـەخودی وشـەکاندا دیـارە و پەیوەسـتە بـە واتای فەرهەنگی وشەکان و واتای لۆجیکی دەربڕینەکە، لەکاتێکدا مەبەست و ئامانجی ڕێکلامەکە خۆی لە واتای دووەمدا دەبینێتەوە، ئەویش بریتییە لە پێشگریمانەی ڕێکلامەکە، کە بریتییە لە:

- ✓ برنجی مەحموود لە برنجەکانی دیکە زۆر باشترە.
- ✓ پـەیامی ناڕاسـتەوخۆی ڕێکلامەکـە ئاراسـتەی کابانـە لەماڵـەوە، کـە ناراسـتەوخۆ دەڵێت: ئەگەر خواردنەکەت بە برنجی مەحمود ئامادە بکەیت، دڵنیابە خۆش و بەتام دەردەچێت، بۆیە نەکەی برنجی دیکە بەکاربهێنێت.

## بەشی دووەم (ڕۆڵی زمان لە پێشگریمانەی ڕێکلام)

### ٢-١: پێشگریمانە لە ڕێکلامی بازرگانی ڕازیکەردا:

### ٢-١-١: پێشگریمانە لە ڕێکلامی بازرگانیدا

پەیوەندیی نێوان پێشکریمانە و ڕێکلام خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا خوێندنەوە و ڕازیکردنی بەرامبەرە، کە هەردووکیان بۆ ڕازیکردنەکە سوود لە زمانێکی مەبەستدار و کاریگەر وەردەگرن، ڕێکلامی بازرگانی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری لە بواری بە بازاڕکردندا، ئامانجی سەرەکی دروستکردنی کاریگەری و ڕازیکردنی بەرامبەرە بەو بیرۆکە و کالآیەی کە وەک بەرهەمێک لەڕێگای زمانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش دەبێ شێوازێکی کاریگەر لە داڕشتنی ڕێکلامەکە پەیڕەو بکات، بە جۆرێک لەوە تێبگات کە ڕێکلام تەنها گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو پێدانی بەشێک لەو زانیارییانەیە لە داڕشتنێکی سەرنجڕاکێش و چێژبەخشدا، مەرج نییە نێرەر هەموودەم سەرجەم زانیارییەکان بئاخنێتە دوو توێی ڕێکلامەکەوە، چونکە بەشێک لە زانیارییەکان لەناو گوتنە دەربڕاوەکە واتای لێ بەدەست دێ و نێرەر بەشێک لە زانیارییە ڕانەگەیەنراوەکان لەڕێگەی گریمانەی پێشەکییەوە دەردەبڕێت (احمد ، ٢٠١٢، ٨٨)، لەبەرئەوەی نێرەر دەیەوێت بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئەو زانیارییانە بگات بە وەرگر، ئەمەش خاڵێکی هاوبەشە لەنیوان ڕێکلام و پێشگریمانەدا، بۆ نموونە:

١- برنجی مەحموود ڕێکلامی ناوێت !

٢- برنجی خەیام پاشای برنجەکانە !

نموونەی ژمارە (١)، ناونیشانی ڕێکلامێکی بازرگانییە بۆ برنجی مەحموود، کە نێرەر دەیەوێت بڵێت، ( برنجی مەحموود بەجۆرێک لەناو خەڵکدا دەنگی داوەتەوە و خەڵکی دەیناسن، چیتر پێویست ناکات ڕێکلامی بۆ بکرێت). ئەمەش شێوازێکی ناڕاستەوخۆیە لە دەربڕین، چونکە ئامانجی سەرەکی نێرەر لەپشتی ئەم گوتنەوە، بریتییە لە دروستکردنی پێشگریمانەی ئەوەی کە ( باشترین جۆری برنج برنجی مەحموودە)، یاخود (برنجی مەحمود باشترە لە سەرجەم جۆرەکانی دیکەی برنج).

لەنموونەی (٢)دا، کە تایبەتە بە ڕێکلام بۆ برنجی خەیام، وشەی (پاشا) خواستراوە بۆ واتای (باشترین، نایابترین...هتد) کە مەبەستی دەرنەبڕاوی ئەم گوتنەن و وەرگر پێشگریمانەی ئەوە دەکات کە ( هیچ جۆریکی دیکەی برنج ناتوانیت بگات بە ئاستی برنجی خەیام).

وەک لەم دوو نموونەی سەرەوەدا دەردەکەویت، ئامانجی سەرەکی فرۆشیار ڕازیکردنی کڕیارە، ئەمەش خاڵی هاوبەشە لەنیوان ڕێکلام و پێشگریمانەدا، کە پشت بەدەسەڵاتی زمانی دەبەستێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر کڕیار و ڕازیکردنی، لەکاتێکدا خودی ڕازیکردن لەدەسەڵاتی زمانەوە دروست دەبێت، بەو مانایەی کاتێک نێرەر توانای ڕازیکردنی بەرامبەری دەبێت و دەگات بەئامانجی ڕازیکردنی وەرگر، ئەوکاتە وەرگر کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەربڕینی نێرەر و قبوڵی کردووە، ئەمەش خودی دەسەڵاتی زمانییە لە ڕێگای بەکارهێنانێکی سەرکەوتووانەی نێرەرەوە بەدەستهاتووە، کە زاڵبووە بەسەر هزر و سۆزی وەرگر و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی گۆڕیوە (خضیر، ٢٠١٧، ٨٦).

کەواتە پێشگریمانە یەکێکە لە ستراتیژییە باوەکان کە لە زمانی ڕاگەیاندندا بەکاردێت، چونکە پێشگریمانە نەک تەنها دەتوانێت ڕییکلامەکان کورت بکاتەوە، بەڵکو زانیاری ڕێکلامیش فراوان دەکات، کە ئەمەش لەسەر بنەمای خۆنزیککردنەوەیە لە کریار، لەبەر ئەوەی نێرەر پێشگریمانەی ئەوە دەکات کە وەرگر ئەو بەرهەمەی پێویستە، بۆیە لیرەوە ڕێکلامەکە لەڕێگەی زمانێکی مەبەستدار ئاراستەی وەرگر دەکرێت، هەڵبژاردنی ئەم جۆرە زمانە مەبەستدارە لە ڕێکلامدا، بە تایبەت دێزاینکراوە لەسەر بنەمای خۆگونجاندنە لەگەل پێویستییەکانی وەرگر، تاکو بە باشترین شێوە ڕازیکردن بێنێتە ئاراوە.

### ٢-١-٢: ڕۆڵی زمان لە پێشگریمانەی ڕێکلامی بازرگانیدا

ڕێکلام جۆرێکە لە پەیوەندییکردن، زۆربەی ڕیکلامەکان بە مەبەستی ڕازیکردنن بۆ خستنەڕووی بەرهەمێک یان خزمەتگوزاریەک. ڕیکلام ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە ئابووری سەردەم و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، زمانی ڕیکلامکردن گرنگە بۆ سەرکەوتنی ڕیکلام. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا،

خەڵک زیاتر گرنگییان بە زمانی ڕێکلام داوە (کریم، و غریب، ٢٠٢٣، ٢٨٧). زۆر جار بەکارهێنانی پێشگریمانە لە زمانی ڕیکلامکردندا دەتوانێت ڕادەی ڕازیکردن لە ڕیکلام زیاتر بکات. ئەوەی لێرە جێی سەرنجە ئەوەیە کە زۆرجار خەڵکی هیچ هەڵبژاردەیەکی تریان نییە، لە پەسندکردنی ئەو کاڵایانەی لەژیانی ڕۆژانەیان بەکاریان دەهێنن، ئەمیش بەهۆی داڕشتنە زمانیەکە و دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ڕۆژانە خۆی دەسەپێنین بەسەر هزردا. ئەو زمانەی لەڕێکلامدا هەیە کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگر دروست دەکات، بەجۆرێک بیرکردنەوەی وەرگر بە ئاراستەی ڕێکلامەکە دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش لە ئەنجامی ئەوەوە دروستبووە کە گۆڕان لەبیرکردنەوەی وەرگر ئەنجامدراوە (حەسەن، ٢٠١٥، ٣٥)، ئەمەش بەهۆی کە ئەو کاڵایەی ڕێکلامی بۆ کراوە زمانەکەی وا داڕێژراوە وشە و چەمکەکان نزیک کراونەتەوە لەگەڵ بیرکردنەوە و تەجروبەی کەسانی تر، کە لەگەڵ بابەتەکە لە لەگرتە ڤیدیۆکە پێشان دەدرێت، ئەم کەسانەش تازە درکیان بەوە کردووە کە ئەم کاڵایە باشترینە، ئەم داڕشتنە زمانییە بێئاگایانە کاریگەری دەخاتە شێوازی بیرکردنەوەی وەرگر، بۆیە زۆربەی کات وەرگریش دەکەوێتە باری ڕازیبوون، ئەگەرچی هەندێکجار بە ناچاریش بێت، چونکە زمانی ڕێکلامەکە وا داڕێژراوە هەڵبژاردنی دیکەت لێدەستێنێتەوە. بۆنموونە

٣- بۆ هێشتنەوەی ڕۆخسارتان بە گەنجی، پێویستە تەنها کرێمی ( ؟ ) بەکاربهێنن.

ئەم ڕێکلامە لەسەر بنەمای ئەوە داڕێژراوە، کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەزی بەگەنجبوونەوەیە، بۆیە وات لێدەکات بیر لەهیچی تر نەکەیەوە، یەکسەر کاڵایکە بکریت. وەکو ئەوە وایە بەرگدوورێک دەستە جلێکت بۆ دەدورێت، لەوانەیە سەرەتا پێت جوان نەبێت، بەڵام کاتێک لەبەری دەکەیت زۆر جوان و لێتهاتووە، ئیتر دەکەویتە باری ڕازیبوون.

### ٢-١-٣::ڕازیکردن لە ڕێکلامی بازرگانیدا

ڕازیکردن بریتییە لەوکردە مەبەستدارەی نیرەر بەئاراستەی وەرگر بۆ کاریگەربوون یان گۆڕینی بیرۆکە و ڕەفتاری وەرگر بۆ ئامانجێکی

دیـاریکراو، لـە ڕێگـای چەنـد پاڵنـەرێکی دەروونییـەوە (دزەیـی، ٢٠١٣، ٣٧)، ڕازیکـردن لـە ڕێکلامـدا جێـی بایەخـە، چونکـە سـاخکردنەوە و پـڕ فرۆشـی بەرهەمەکـەی لێدەکەوێتـەوە، ئەمـەش خـۆی لەچەنـد هـەنگاوێکی تـەواوکاری دەبینێتەوە :

١- هەستکردن بەکیشە(پێداویستی) : کاتێک بەکاربەر هەست بەکێشەیەک دەکـات، پێداویسـتی لـەلا دروسـت دەبێـت و بەمـەش کاڵاکـە بەپلـەی یەکـەم تێرکردنـی پێداویسـتییەکە پڕ دەکاتـەوە و ئـارەزووی بـۆی زیـاتر دەبێـت. کـە زۆرجار ژینگـەی دەوروربـەر کاریگـەری هەیـە لەسـەر جـۆری پێداویسـتییەکە (العاصي، ٢٠٠٦ ، ١٩٥).

٢- گـەڕان بـەدوای زانیاریـدا: هـەر کـات بەکاربـەر هەسـتی بـەبوونی پێداویســتییەک کــرد، ڕاســتەوخۆ دەســتدەکات بەکۆکردنــەوەی زانیــاری، بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکە (علی ، ٢٠١٧، ٧٢ ).

٣- هەڵسەنگاندنی ئەلتەرناتیڤ (بەدیلـەکان): دوای کۆکردنـەوەی زانیـاری لەسەر جۆراوجۆری کاڵاکە هەوڵدەدات ئـەو ئەڵتەرنایڤانەی(بەدیلانـەی) لەبـەر دەستیدایە هەڵیان بسـەنگێنێت و باشترینیان دیاری بکـات، بـەراوردیان دەکـات لەڕووی نرخ و باشییەوە (العاصي، ٢٠٠٦ ، ١٩٥).

٤- بڕیـاری کـڕین و هەڵسـەنگاندنی ئەلتـەرناتیڤ ڕێگـا خـۆش دەکـات کـە بەکاربـەر نیـازی کڕینـی کاڵایـەکی لـە لادروسـت بێـت، ئـەم نیـازەش بـەوە دروست دەبێت، کە بەکاربەر هەوڵ دەدات هەماهـەنگی دروسـت بکـات لەگـەڵ پاڵنەرەکانی کرین و تایبەتمەندییەکانی مارکـە مەبـەسـتدارەکە (صـابر ، ٢٠١٤، ٥٠).

٥- هەڵسەنگاندنی دوای کڕین: پڕۆسەی بڕیاردان تەنها بە کڕین کۆتـایی نایـەت بـەڵکو بەکاربـەر دوای کڕینـی کاڵاکـە هەڵدەسـتێت بـە هەڵســەنگاندنی کاڵاکە لە ڕووی کارامەییەوە لەگـەڵ پێشـبینیکردنی خـۆی ئاکامەکە ڕازیبـوون دەبێـت یـان نـاڕازیبوون کاتێـک ڕووی کارامەییـەوە لەگـەڵ داواکـاری دابێـت ڕازیببوونـە بەپێچەوانەشـەوە نـازیبوون دروسـت دەبێت کـە کاڵایکـە پێویسـت نـەبووە (الزعبـي، ٢٠٠٩، ٨٩). زۆرجـار بەشـێک لەڕێکلامـەکان ئاراسـتەیەکی

جیاواز وەردرەگرن لەسەر بیری تاک، بەوەی ئەرکی سەرەکی ڕیکلام ئارەزوو دروست دەکات، کە پێشتر بوونیان نەبووە، یان باشتر بلێین دڵەڕاوکێیەک لای نێرەر دروست دەکات بەکڕینی ئەو شتانەی کە ڕێکلامیان بۆ دەکرێت، یارمەتیدەرە بۆ ئارامکردنەوەی دڵەراوکێیەکە، کە ئەمیش تەنها بۆ ماوەیەکی کەم.

**٢-١-٤: بنەما زمانییەکانی ڕێکلام**

مەبەست لە ڕێکلام کاریگەری خستنە سەربەرانبەرە و پەیوەندیکردنە بەکەسانی تر لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە، کەواتە زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەم پرۆسەیەدا، لەکاریگەری خستنەسەر هەستی بەرانبەر، ڕێکلام پێکهاتەیەکی زمانی واتادارە بەمەبەستی ڕازیکردن دادەهێنریت (محمد، ٢٠٢٢، ١١٤). لەخوارەوە ڕۆڵی زمان دەخەینەڕوو:

**٢-١-٤-١: بنەمای زمانی**

بنەمای گوتاری زمانی لەڕێکلامدا مەرجی کورتی و پوختییە، زمان لەڕێکلامدا هەوڵدەدات، بەکەمترین ئەرک و واتایەکی فراوان گوتاری ڕێکلامی بچنێت (دزەیی، ٢٠١٥، ٥٩)، بەشێوەیەک کە پێویستە زمانەکە ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێت:

١- ساکاری ڕستە و چڕی واتا.

٢- تێکچڕژانی زمانی فەرمی و بازاری.

٣- گواستنەوە لەگێرانەوە بۆ وەسف، یان سەلماندن، یان لێکدانەوە.

٤- نقومبوون لەئەندێشەی گیانبازی.

٥- بەکارهێنانی سەجع بە دووبارەکردنەوە.

٦- زاڵبوونی ڕستەی داخوازی ڕاستەوخۆ.

٧- زیندووکردنەوەی وێژدان و دڵنیاکردنەوەی وەرگر.

٨- بایەخدان بە واتای وشە و سیمای وێنە و جوڵانەوە و سیناریۆی سەرنجڕاکێش.

**٢-١-٤-٢:بنەمای نازمانی (نیشانەیی)**

هەندێک هۆکاری نازمانی هەیە بۆ بەخشینی واتا و کارکردنە سەر هەستی جەماوەرو، وەکو وێنە و دەنگ و ڕەنگ و مۆسیقا و ئاوازی تایبەت، گرنگترین ئەو گەیاندنەی وێنە لە گرتە ڤیدیۆییەکان دەیخاتە بەرچاو، بیرۆکەی ئەبستراکت بەرجەستە دەکات، دەیکاتە کەتوارێکی ڕاستی، بەواتایەکەی تر سیناریۆکان لە جیهانی نمونەیی و ئەبستراکت دەمانگوازێتەوە بۆ جیهانی کەتوار (مەنتق)، وێنە تایبەتەکان جوڵانەوە جەستەییەکان لە گرتەکاندا پەیوەندی نێوان نێرەر و بەکاربەر دەچەسپێنێت و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ پرۆسەی ڕازیکرد (دزەیی، ٢٠١٥، ٥٩).

**٢-١-٤-٣: بنەماکانی ڕازیکردن لە ڕێکلامی بازرگانیدا**

ڕێکلامی بازرگانی پشت بە چەند بنەمایەک دەبەستێت بۆ ئەوەی کاردانەوەی هەبێت لە لای وەرگر، لەوانە:

١- خستنەڕووی زانیاری لەبارەی کاڵاوە، کە دەستپێکی کاری ڕێکلامەکەیە.

٢- بەکارهێنانی زمانێک کە ببێتە هۆی کاریگەری خستنەسەر لایەنی دەروونی وەرگر، وروژاندن و بەلا ڕێدابردنی خۆنزیککردنەوە هەست و حەزەکانی.

٣- بەکارهێنانی جێناوی ئێمە لەبری(من) کە خۆییبوون دەسرێتەوە، بەمەش هەستی پتەو و پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان نێرەر و وەرگر دروست دەکات.

٤- کورتبڕی لە دەربڕینە زمانییەکان.

٥- ستایشکردنی کاڵایکە، بەبێ ئەوەی لە نرخی کالاکانی تر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەم بکاتەوە

٦- بەکارهێنانی زمانی بازاڕی بۆ نزیکبوونەوە لەجەماوەر و ڕەخساندنی کەش و هەوایەک لە خۆشەویستی لێبکەوێتەوە (دزەیی، ٢٠١٥، ٥٩).

لێرەدا گرنگی شێوازی گاڵتەجاڕی زیاتر بە دیار دەکەوێت، چونکە وەرگر لەگەڵ سەیرکردنی ڕێکلامەکە زیاتر هەست بەچێژ دەکات، بەمەش بە دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ڕێکلامەکە و سەیرکردن و چێژ لێوەرگرتنی، ئەگەر بینەر (وەرگر) لە سەرەتادا پێشی ڕازینەبێت، بەڵام دواتر بە دووبارەبونەوەی زیاتر، ڕازیبوون بەشێوەیەکی خۆنەویستانە دەێتە ئاراوە، بۆیە شێوازی گاڵتەجاری زیاتر کاری لەسەر دەکرێت، چونکە وەکو دەرزییەکە بۆ بیهۆشکردنی وەرگر تا ئەو کاتەی ڕازیدەکات بەدیار ڕێکلامەکەی دەهێڵێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم شێوازە دوورە لە بیزاربوون بەدیارییەوە.

## ٢-٢: شێوازی گاڵتەجارانە لە ڕێکلامی بازرگانیدا:

### ٢-٢-١: شێوازی گاڵتەجارانە و کاریگەرییەکانی لە ڕێکلامی بازرگانیدا:

شێوازەکانی ڕێکلام بەشێوەیەکی گشتی هەمەڕەنگن، ئەکتەرەکان هەواڵ و زانیاری بۆ بینەران دەگوازنەوە لە ڕێگای چیرۆکی درامییەوە، بەمەبەستی ڕازیکردنی بینەر بەساخکردنەوە و پڕ فرۆشی کاڵایەکان، بە پێچەوانەوە، زۆر جار بە شێوەی چیرۆک یان شانۆگەری کە بینەر فریودەدات بۆ سەیرکردن لە ڕێگەی سیناریۆ گاڵتەجارییە ئامادەکراوەکانەوە( Newman, Andrew Adam:2009: ?)، لێرەدا ڕێکلامسازەکان، بەئامانجی کارلێک لەگەڵ بینەر، بەشێوەیەک لەقۆناغی پێشکەشکردنی وتاریی تاکەکەسییەوە بینەر دەگوازرێتەوە بۆ ئەو دیالۆگانەی کە بەسەریدا دەسەپێندرێت، بەو مانایەی، ئامانجی ڕێکلامی بازرگانی بەتایبەت شێوازی گاڵتەجاری، کاریگەری دەخاتە سەر بینەر بەدیارخۆی دەیهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی بینەر دەکەوێتە داوی ڕازیبوونەوە، ئەگەرچی بەویستی خۆشی نەبووە.

گاڵتە و گاڵتەجاڕی لە ڕێکلامدا شتێکی نوێ نییە، لە جیهانی بازاڕکردن و بەرەوپێشبردنی بەرهەم و خزمەتگوزاریدا. بریتییە لە بارودۆخێکی دراماتیکی بەپشت بەستن بە نوکتە، یانیش زیرەکی و لیهاتوویی (بلعمر، ٢٠١٧، ٨١ )،

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کەناڵەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی ژمارەی بەکارهێنەران، کۆمپانیاکان پشتیان بەو ڕێگایانە بەستووە وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ چالاکی بازاڕکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. بەهۆی ژمارەیەکی زۆری ئەم ئامرازانە و خاوەندارێتی تاکەکەس بە لایەنی کەمەوە یەک هەژمار لە هەر کەناڵێکدا، پرۆسەی ڕاکێشانی سەرنجی بووەتە ئەرکێکی قورس و بەرەنگارییەکی گەورە بۆ هەموو کڕیارێک، لەبەر ئەوە زۆرێک لە کۆمپانایاکان دەستیانکرد بە بەکارهێنانی شێوازی گاڵتە و گاڵتەجاڕی لە گرتەکاندا بۆ ئەوەی سەرنجی زۆرترین ژمارەی ئامادەبووان ڕابکێشن و ڕێژەی بەشداریکردن لە نێوانیاندا زیاد بکەن، کە بە ڕوونی لەنێو ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکلامکردن دەردەکەون.

خستنەڕووی شێوازی گاڵتەجاری لە ڕێکلامەکاندا کاریگەری زیاترە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە (العربی، ٢٠١٧، ؟):

١- ڕاکێشانی سەرنج و مانەوە لە یادەوەریدا:

شێوازی گاڵتەجارانە کاریگەری زیاترە بۆ مانەوە لەیادگەی وەرگردا، وا دەکات زیاتر ساتە خۆشەکان لەبیری نێرەردا بێت. کەواتە ناوەڕۆکی گاڵتەجاڕانە دەتوانێت لە یادەوەریدا بمێنێتەوە و زیاتر سەرنجی بینەر ڕابکێشێت وەک لە جۆرەکانی تردا .

٢- دروستکردنی هەستێکی ئەرێنی بەرامبەر مارکەکە و پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کڕیار:

کڕیار بە زۆری ئارەزووی کڕینی کاڵا لەو کۆمپانیایانە دەکات، کە داوای لێدەکەن یان خۆی حەزی لێیەتی لەبەر هەر هۆکارێک بێت. بڵاوکردنەوەی پەیامێکی پێکەنیناوی ئەزموونێکی ئەرێنی دروست دەکات و هەستێکی دیارکراو لە کڕیاردا دەهێڵێتەوە، کە دەکرێت بەهۆکارێک دابنرێت و ببێتە هۆی پاڵنانی بۆ کڕینی بەرهەمەکە.

٣- جیاکردنەوەی بەرهەمەکە لە ڕکابەرەکانی تر:

ڕەنگە گاڵتەجاڕی هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کە بەرهەمێک لە ڕکابەرەکانی تر جیابکرێتەوە، یارمەتی زیادکردنی بەها دەدات بۆ هەر

بەرهەمێکی ئاسایی. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ناوەرۆکی گاڵتەجاڕی زیاتر لە یادەوەریدا چەسپاوە و بەم شێوەیە ئاسان دەبێت کە وێنەی بەرهەمەکە بکەیتەوە بیری وەرگر و بە ڕوونی لە نێوان زۆرێک لە بەرهەمەکان لە ڕیکلامەکان یان لەسەر ڕەفەکانی بازاڕە بازرگانییەکان جیای بکەیتەوە.

**٢-٢-٢: شێوازەکانی خستنەرووی ڕێکلام بەشێوازی گاڵتەجاڕی**

**١- شێوازی بەرجەستەکردن**

ئەم تەکنیکە لەسەر بنەمای دروستکردنی گاڵتەجاڕی دامەزراوە بە بەستنەوەی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بەو توخم و شتانەی کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە نین(James::2013:? ) بۆنموونە، ریکلامی (پاکەرەوەی پۆلێکس) لەلایەن حەمەرەئوف و خیزانەکەیەوە دەخرێتەروو کاتێک کەسێک شێوەی کارتۆنی لە خۆیدا بەرجەستەکردووە، وەکو فریادڕەسێک دێتە ناو ماڵەکەیانەوە خەونی ژیانێکی خۆشیان لەلایەن زاهی پۆلێکسەوە بۆ دەخاتەڕوو:

حەمە رەئوف: خەیاڵت لەکوێیە ژنەکە،

ژنەکەی: خەیاڵم لای ئەوەیە منیش وەکو ئەو خەڵکە ببم بە ساحیب خانوو و سەیارە.

حەمە رەئوف: ئێ ئەو کاتە داوای ئاڵتون و ماڵ و سامانت لێ ئەکردم.

ژنەکەی: بۆ ؟ چیم لەو خەڵکە کەمترە، بەس ئەوە خەونە. فریادرەسە کارتۆنییەکە پەدا دەبێت وەکو دیوەکەی ... دەڵێت: خەون نییە، قاپشۆری پۆلێکس بەکاربهێنن، خەونەکانتان ئەکا بەڕاستی، بۆ ئەترسن؟! یەک قاپشۆری پۆلیکس بکرە بە (١٥٠٠)دینار ژیانت بگۆڕە.

ژنەکەی حەمەرەئوف: بەساقەوبم چۆن؟

حەمە رەئوف: فریامانکەوە چاوەکەم.

فریادڕەسەکەی پۆلیکس: کاتێک کە پاکەرەوەی پۆلێکستان کڕی، دیقەتی ئەم کۆدە بدەن، چاوەڕێی تیر و پشک بن بۆ هەر سێ مانگ جارێک، بۆ بردنەوەی شوقە و سەیارە و پێنج هەزار دۆلار، دە مسقال زێر، ئایفۆنێکی چواردەی پرۆماکس، سەلاجەی دوو دەرگا.

لەم ڕێکلامە پێشگریمانەی ئەوە کراوە، کە خێزانەکان دەوڵەمەند نین، بۆیە ئەوانیش وەکو خەڵکانی تر حەقی خۆیانە دەوڵەمەند بن، بۆیە کەسێک کە ڕۆڵی فریادڕەسێک بەرجەستە دەکات، لە شێوەی کۆمیدیا، ئۆفەرێک دەخاتە بەرچاو و ڕێگای دەوڵەمەندبوون دادەنێت، چونکە ئەوان گریمانەی ئەوەیان کردووە، کە خەڵکی حەزی بە دەوڵەمەندبوونە، هەروەها گریمانەی ئەوە کراوە کە خەڵک حەزییان بەوەیە ببن بە خاوەن سەیارە و ناو ماڵ و خانوو، زێڕ، لەڕاستیدا ئەمە خەونی هەمووانە و هاتنەدی کارێکی ئاسان نییە، ئەوانە هاتوون ئەو خەونە دەکەن بەڕاستی، بەڵام مەرجیان ئەوەیە پاکەرەوەی پۆلێکس بکرن، تاوەکو خەونەکەیان بۆ بکات بەڕاستی، بەدەرچونی خانوو بێت، یان سەیارە، یان زێڕ.



ڕێکلامی پاکەرەوەی پۆلێکس/ شێوازی بەرجەستەکردن

**٢- شێوازی شۆک**

ئەم تەکنیکە بریتییە لە پێشکەشکردنی بارودۆخێک یان وشەیەکی پێکەنیناوی بە ئامانجی شۆککردنی بینەر بە کردارێکی چاوەڕوان نەکراو و لەناکاو. ئامانجی ئەم ڕێگایە گەیاندنی پەیامێکە، کە ئەم بەرهەمە ڕاگەیەنراوە ڕێگری دەکات لەوەی بینەر بکەوێتە هەمان بارودۆخەوە و بەم شێوەیە هەستێکی ئەرێنی بەرامبەر بەرهەمەکە دروست دەکات (العربي، ٢٠١٧، ؟)، بۆنموونە، ڕێکلامی (فامیلی مۆلی سلێمانی) کە دوو کەسایەتی حەمەگیان و ست مارکە. حەمەگیان بە دیار تەلەفزیۆنەوە کتێب دەخوێنێتەوە،

ست مارکە: بیرت نەچێت حەمەگیان ئەمڕۆ دەبێت بچین بۆ بازارکردن.

حەمە گیانیش: نۆ وو ، هەربیرشی لێمەکەوە نایەم،

ست مارکە : بۆچی دڵەکەم

حەمەگیان: لە مستەوای تموحی من نییە، باشە بیرت چوویەوە ئاخر جار کە ڕۆشتین چۆن بووین بە پەند ئینجا بەفلاشباگ دەیهێنێتە بەرچاو لە سرەی سەموونە کە بای هەزار دیناری دەوێت، بەڵام بەری ناکەویت وەها قەرەبالغە، ئینجا لەناو بازاڕ لەکڕینی جل لەگەڵ خێزانەکەی لەو دوکان بۆ ئەو دوکان کە بەدڵیشی نییە، چۆن دوو عەلاگەی لەدەستە و شەکەتبووە، ئینجا کە دەچێتەوە گەراج شۆک دەبێت بەوەی گەراجەکە هەموو لایەکی گیراوە کە زۆر زەحمەتە سەیارەکەیان بیننە دەرەوە، ئینجا ست مارکە داوای لێدەکات بچین بۆ فامیلی مۆڵ،

منداڵەکان منیش: دێم ئەوەی تر: منیش دێم جل دەکرم.

ست مارەکە: منیش دێم جلەکانم دەکرم لەگەڵ جوتێ گوارەش.

حەمەگیان: منیش دێم بۆ خواردنەکانی.

ئەوەی لێرەدا خراوەتەڕوو پێشاندانی دوو بازارکردنە، کە ئەوەی دووەم (بازارکردن لەفامیلی مۆڵ) لەئاست ئەوەی یەکەم(بازارکردن لە ناو شار) شۆک ئامێزە، چونکە پێشگریمانەی ئەوە کراوە، کە خەڵکی کاتێک بازار دەکەن دەیانەوێت بەئارامی خۆیان بسوڕێنەوە بەتایبەت ئافرەتان، هەروەها پێشگریمانەی ئەوە کراوە کە لەفامیلی مۆڵ جەوێکی ئارام، هەموو شتەکان بەردەستە، دەتوانیت بەبێ ماندوو بوون هەرچیت بوێ دەستی بخەی، هەروەها هەموو ئەندامان دەتوانن بەیەکەوە سەردانی بکەن و پێداویستییەکانیان فەراهەم بکەن، هەتا گوارە و شتەکانی تریش، هەروەها پێشگریمانەی ئەوە کراوە کە خەڵکی کاتێک بازار دەکەن خەمی دووری شوێنی سەیارەکەیان هەیە لەشوێنی بازارکردنەکە، بۆ ئەمەش لەفامیلی مۆڵ گەراجێکی زۆر فراوان هەیە، کە هەرگیز نابێتە هۆی ماندوبونت. هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە کە بینەر ڕازیبکات بۆ ئەوەی لەفامیلی مۆل بازاری بکات، نەوەکو وەکو جاری پێشووتر وەکو ئەوان بەهیلاک بچێت.



ڕێکلامی فامیلی مۆلی سلێمانی شێوازی شۆک

**٣-شێوازی بەراوردکردن**

ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە نیشاندانی دوو بیرۆکە یان توخم لە تەنیشت یەکتر بۆ بەراوردکردن و دەرهێنانی جیاوازییەکان(James:2013:?)، بۆ نموونە، ڕێکلامی (برنجی سامان) دووکەسایەتی دیاری بواری دراما و کۆمیدیا ئەحمەد جۆلاو ماهیر حەسەن، کە هەر یەکەو چیشتخانەیەکیان داناوە لەتەک یەک:

ئەحەمەد جۆلا: وەرن بۆ چیشتخانەکەی من

ماهیر حەسەن: ئەرێ ئەحمەد گیان فەرقی چێشتخانەکەی تۆ و هی من چییە، با بێن بۆ چێشتخانەکەی من.

ئەحمەد جۆلا: چۆن فەرقی نییە، وەرە سەیری چێشتخانەکەی من کە،

چێشتخانەکەی ئەحمەد جۆڵا جمەی دێ، پربووە لە خەڵک . بەلام چێشتخانەکەی ماهیر حەسەن تەنها یەک کەسی لێیە.

ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەحمەد جۆلا زۆر گرنگی بەنهێنی بەکارهێنانی برنجی سامان دەدات،

ئەحمەد جۆلا: برنجێک بەو هەموو تامە خۆشەوە هەر شایەنی میوانە، برنجە ئەسلەکەی جارانە.

ماهیر حەسەن: زۆر ئاگاداری برنجەکە بن بەڵکو بەدڵی بێت. ئەگەرچی زۆر گرنگی بە سفرەی میوانەکەی دەدات و چیان لەچێشتخانەکە هەیە بۆی دادەنێن، بەڵام میوانەکە بەدڵی نییە. دواتر ماهیر حەسەن بازاری نامێنێت و ئەوەی ئەحمەد جۆلاش خەڵکی بەکۆمەڵ دەچن.

ماهیر حەسەن تەلەفۆن بۆ ئەحمەد جۆلا دەکات، بەدەنگێکی گۆڕاوی خەماوی ئافرەتانە، دەڵێت : کاک ئەحمەد مێردەکەم هەموو رۆژێ لای ئێوە نان ئەخوات و ناکەوێتە ماڵەوە، ئەکرێت پێمبڵێیت بزانم ئەو برنجە چییە؟

ئەحمەد جۆلا: براژن ئەمە برنجی سامانە و چەڵتوکی ئۆرۆگوایە، خڕیش و درێژیشی هەیە، لە پڕ دەنگێک لەماهیر حەسەنەوە دروست دەبێت و تەلەفۆنەکە دادەخرێت.

ئەحمەد جۆلا: بەشەڕەفم دەستەکەمان کەشفبوو.

ماهیر حەسەن: دۆزیمەوە برنجی سامان برنجە ئەسلەکەی جارانە و بەخەتە سورەکەی ئەیناسمەوە. ها ئەحمەد گیان ئیستا چۆنە چیشتخانەکەی منیش جمەی دێت و فەرقمان نییە،

ئەحمەد جۆلا: فەرقەکە تەنها برجی سامانە .

لێرەدا بۆ ڕیکلامی برنجەکە پێشگریمانەی ئەوە کراوە، کە خەڵک حەز بە خواردنی چێشتخانە دەکات و حەزدەکات برنج و چێشتی خۆش بخوات، هەروەها دەڵێت برنجە ئەسلەکەی جارانە و بەخەتە سوورەکەی دەیناسمەوە، لێرەدا پێشگریمانەی ئەوە کراوە کە ڕۆژانی کۆن برنجی بەتام و خۆش هەبوو ئەسلی بوو کەچی هی ئێستا هەمووی عادییە تەنها برنجی سامان نەبێت، کە ئەسلی جارانە وەکو کۆن چۆن برنجی خەت سور و خەت سەوز هەبوو، سروستی مرۆڤ وایە حەزی بەگەڕانەوەیە بۆ رابردوو، ئەو ڕیکلامە دەتباتەوە ئەو ڕۆژانەی کە تەنها برنجی ئۆرۆگوای ئەصلی هەبوو، هەروەها باس لەوە دەکات چەڵتوکی هەیە، ئەمەش پێشگریمانەی ئەوە کراوە کە ئەگەر برنجێک چەڵتووکی نەبێت، یانی ئەسڵی نییە.



ڕیکلامی برنجی سامان شێوازی بەراوردکردن

**٤- شێوازی زیادەڕۆیی**

ئـەم تەکنـیکە مانـای زیـادکردنی تایبەتمەنـدی زیـاد لە پێویسـت و کاریگەرییەکی بەهێزترە لە واقیع و ڕاستی. ئەم ڕێگایە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕۆشـنایی سـتنە سـەر بەهـا و سـوودی ئەرێنـی بەرهەمەکە و هەروەهـا دروسـتکردنی ئەزمـوونێکی یـاری بـۆ بینـەر (العربـي، ٢٠١٧، ؟). بـۆ نموونـە ڕیکلامی (شیری ئالتونسا)ئەو کەسایەتییەی ڕیکلامەکە دەکات، بەم شێوەیە دەستپێدەکات کە زیادەڕۆیی زۆر دەکات بەوەی ئەم شیرە دەخواتەوە.

کەسایەتییەکە دەڵێت: ڕۆژەکەم دەست پێدەکەم بەشییییییییر ، قاوڵتی خۆشـترەکەم بەشـیر، کـافێ و لاتێ دروسـت دەکـەم بەشـیر. ئینجـا لـە هـۆڵی ئاسن بە یەک دەست قورساییەکی یەکجار زۆر بەرزدەکاتـەوە، لەهەمانکاتدا لەسەر ئامێری ڕۆیشتنیش یاریدەکات بەشێویەک دەستێک و شیر و دەستێک بەرزکردنـەوەی بەرزاییـەکـە کـە زۆر بـەهێزە، دەڵێـت : جەسـتەی خـۆم بەهێزەکەم بە شیر. ئینجا پەتێک بەیەک دەست ڕادەکێشێت، لـە لاکـەی تریش، چـوار کـەس نـاتوانن وەکـو ئـەو بـەهێز بـن، ئینجـا سـەیارە بەیـەک دەسـت بەرزدەکاتەوە و دەستەکەی تریش شیر دەخواتەوە، دەڵێت بە شیر، ئینجا لە چێشـتخانەیەکە دەڵێت: شـیرینی و کێکـی بـە لـەزەت دروسـت دەکـەم، هـەر بە شیر، ماست دروست دەکەم شازی ماست بەبەبەبەشیییییییر. لە حاجی مـارف ئەبەمـەوە هـەر بەشـیر، میوانـداری خۆشـترەکەم بـە شـیر، ئینجـا لـە مـارەبرینی کچێکدا گـوڵی پێشـکەش دەکـات و دەڵێـت: ڕازیمکـردووە و هـی خۆمە، هەر بە شـیر، گۆرانی ئەلێم دەنگم خۆشـە، ژیانم خۆشـە و خۆشـتری

دەکەم، بە شیر شیر شیر شیر. شیری ئالتونسا تام و بۆنی سروشتی خۆشە ئەبێت لەهەموو ماڵێکدا هەبێت، بڕۆۆۆۆ لێی بنۆشە.

ئەوەی لەو ڕیکلامە خراوەتەڕوو، پێشگریمانەی ئەوە کراوە کە شیری ئاڵتونسا پێوستە لە دەستپێکی ڕۆژ بخورێتەوە تاوەکو تەندروست و سەلامەتبیت، پێشگریمانەی ئەوە ئەو یاریزانانەی لەهۆڵی لەشجوانی بۆ بەهێزکردنی جەستەیان دەبێت وەکو ئەو، شیری ئاڵتونسا بخۆنەوە، پێویست بەهیچی تر ناکات تەنها بەشیری ئالتونسا زۆر بەهێزت دەکات، بە ساڵاچووەکانیش دەتوانن بیخۆن بۆ ئەوەی مێشکیان بەهێز بێت، ئینجا بۆ خانمان پێشگریمانەی ئەوە دەکات، ئەگەر دەتەوێت شیرینی و کێکی خۆش بۆ میوان دروست بکەی شیری ئالتونسا یەکەمە و شەرمەزارت ناکات، هەتا دەتوانی بەهۆی ئەو شیرە کەسێکی دڵخوازی خۆت ڕازی بکەی بۆ هاوسەری ژیانت بەهۆی ئەو شیرە، هەروەها پاتکردنەوەی زۆری وشەی شیر لایەنیکی دیکەی دروستکردنی کاریگەری و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگری بەلای خۆییدا تێدایە، هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە ئەوە دەردەخات کە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێوازی گاڵتەجارییەوە ڕیکلامەکە پێشکەشکراوە، خەڵکی وەریدەگریت و کاردانەوەی باشیشی بۆ دەبێت.



ڕیکلامی شیری ئالتونسا شێوازی زیادەڕۆیی

کەواتە بەشێک لە کۆمپانیاکان کاتێک گاڵتە و خۆشی لە ڕیکلامدا بەکاردەهێنن، بە مەبەستی سەرپێچیکردن یان سووککردنی گروپێکی دیارکراو نییە، بەڵکو بە ئامانجی ڕازیکردنی خەڵک و پڕفرۆشی بەرهەمەکانیان.

**ئەنجام**

١- ڕیکلام ئامرازێکی پەیوەندیکردنی دوو ئاراستەیە، واتە ڕیکلام تەنها گەیاندن و گواستنەوەی زانیاری نییە بۆ بەکاربەر، بەڵکو وەرگرتنەوەی فیدباکیشە لەلایەن بەکاربەرەوە، تا بۆی دەرکەویت گەیشتووە بە ئامانجی خوازراوی خۆی.

٢- ئامانجی سەرەکی ڕیکلام دروستکردنی کاریگەری و ڕازیکردنی بەکاربەرە، بەیارمەتی زمانەوە، بەمەش زمان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە ڕیکلام.

٣- لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا ڕیکلام کاریگەری زۆری لەسەر بەرامبەر دروستکردووە و پەیام بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر دەگەیەنن بە بەکاربەر، زۆرجار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیرۆکەکان دەگەیەنن نەک بە ئاشکرا.

٤- پێشگریمانە لەڕیکلامدا گرنگی خۆی هەیە، چونکە گرنگە بۆ ڕیکلامساز سەرەتا پێشگریمانەی بۆ حەز و پێویستییەکانی بینەر/ وەرگر کردبێت، کە دەکرێت لێرەدا پێشگریمانە ببێتە مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی ڕیکلامەکە.

٥- ڕیکلام زۆر پشت نابەستێت بە ڕاستییەکان و ژمارە، وەک ئەوەی زیاتر پشت بە وروژاندنی لایەنی دەرونی و سایکۆلۆژییای بەکاربەر دەدات، ئەمەش بەڕوونی لە زمانی ڕیکلامدا دیارە.

٦- شێوازی گاڵتەجاری لە ڕیکلام کاریگەری زیاترە لەسەر بەرانبەر و زۆرترین کاردانەوەشی دەبێت، بەهۆی هەستێکی خۆش بە بینەر دەبەخشێت و دواجاریش دەبێتە هۆی ڕازیکردنی.

٧- شێوازی گاڵتەجاری لە ڕیکلام زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە بینەر بەبێ ویستی خۆشی ڕازی ببێت.

## سەرچاوەکان

١- کریم، ئاسۆ عبدالرحمن و غریب، دلشاد محمد (٢٠٢٣)ریکلام لە روانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە(شیعری ئەسیری بەنموونە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٧، ژمارە ٢، ٢٠٢٣.

٢- حەسەن، فەرهاد تۆفیق (٢٠١٥) زمان لە ریکلامی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

٣- محەمەد، ئاریانا ئیبراهیم و تاها، محەمەد عەلی یاسین: ٢٠٢٠ شێوازەکانی پەیوەندیکردن بۆ بەبازاڕکردنی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٤، ژمارە ٣، سالی ٢٠٢٠.

٤- حوسێن، هێمن کاکە(٢٠٢٢) هونەری ڕازیکردن لەریکلامی بازرگانیدا- بینراو بەنموونە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین.

٥- عەلی، ئەحمەد قادر ، ڕۆڵی ڕێکلامی تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر(لە پۆشاکپۆشیندا) خوێندکارانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بەنموونە، بەشی ڕاگەیاندن/ تەلەفزیۆن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٦- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٣)، ڕازیکردنی خێرا لەچوار هەنگاودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٧- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، ئارگۆمێنت لە ڕێکلامی بازرگانی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی دهۆک مرۆڤایەتی، بەرگ ١٧، ژمارە ١ .

٨- احمد، عبدالباقی اکرم (٢٠١٢)، واتا و مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٩- عەلی، شێرزاد سەبری( ٢٠١٢) ڕازیکردن د گوتارا رامیاریدا، شرۆڤەکرنا پراگماتیکی، نامەی دکتۆرا، بەشی زمانی کوردی، فاکەلتی ئادابی زانکۆی سۆران.

١٠-صابر ، ظاهر حمد امین( ٢٠١٤)، ڕۆڵی ڕێکلامی تەلەفزیۆنی لەهاندانی ڕەفتاری بەکاربەر بۆ کرینی کاڵا، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

١١-عمر، تەلار صباح(٢٠١٣) شیکارێکی زمانەوانی ڕیکلامی بازرگانی بینراو و بیستراو، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

١٢-عەبدوڵڵا، باران محمد(٢٠١٤)، ڕێکلامی ئینتەرنێت و ڕەفتاری بەکاربەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٣-الشریف، د.سامی و ندا، د.ایمن منصور(٢٠١٩)، زمانی میدیا، وەرگیرانی کامەران تاهیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

١٤-کەمال، دیار عەلی( ٢٠٠٩ )، گوتاری سیاسی کوردی لەروانگەی پێشگریمانەوە، بەشی کوردی/ کولێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٥-کەریم، عومەرمەحمود(٢٠٠٩)، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە.
١٦-الخير، د.طارق و ناصر، د. محمد(٢٠٠٥)، مبادئ التسويق، جامعه دمشق، سوريا.
١٧-خضير، باسم خيرى( ٢٠١٧) استراتيجيات الخطاب، مجلد١، دار علوم نهج البلاغة،
١٨-الصيرفي، محمد عبدالفتاح( ٢٠١٧ ) الإعلان أنواعه مبادؤه و طرق اعداده، الطبعة الأولى، دار المناهج للنشر والتوزيع .
١٩-العاصي، شريف احمد ( ٢٠٠٦ ) الترويج والعلاقات العامهمدخل الاتصالات التسويقية، الدار الجامعة، الاسكندرية، مصر.
٢٠-بالعمر، فاطمه (٢٠١٧)،رسالة الدكتورا، تأثير الاعلانات التجارية في القنوات الفضائية على الثقافه الاستهلاكية عنة الشباب، جامعة وهران ٢ محمد بن احمد.
٢١-عيسى، طلعت( ٢٠٠٩) الاعلان كتابه وتصميم، الجامعه الاسلاميه، غزه، كليه الاداب، قسم الصحافه والاعلام.
٢٢-الرباعي، آمنة علي احمد (٢٠٠٨) الاعلان التلفزيونى والسلوك الاستهلاكى، رساله ماجستير، كليه الاداب، جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا. الاردن.
٢٣-الزعبي، علي فلاح( ٢٠٠٩)، ادارة الترويج و الاتصالات التسويقيه، دار السفاء، عمان.
٢٤-العربى، هيفاء( ٢٠١٧) (٢) الأسلوب الفكاهي في الإعلانات التجارية: الأنواع والتأثير .

25- Newman, Andrew Adam(2009 )"Madison Avenue Will Be Watching FedEx's Web Videos," *New York Times*, 20 July, B4.
26- James(2013), The most common types of humour used in advertising – Like a Film Star.

## خلاصة

هذا البحث تحت عنوان (الإفتراض المسبق في الإعلان التجاري – اسلوب السخرية أنموذجا)، يتحدث عن ان اللغة لها دور مهم في تكوين الاعلان التجاري التلفزيوني، لغة الاعلان يجب ان تكون سهلة ومختصرة وجذابة، كي تقنع المقابل، لشراء المنتوجات، وهنا تحدثنا عن دور الإفتراض المسبق، وأهميته للتجهيز الاعلاني، حيث يجب على صانعي الاعلان ان يكون له قراءة جيدة لتفكير المقابل عن طريق الإفتراض المسبق لذوقه ومعرفة احتياجاته، في هذا الجزء تحدثنا عن اسلوب السخرية، لانه من المهم الن توضع المشاهد تحت أثره ويغير اتجاه فكره، كي يتلذذ منه، وثم يوضع موضع المقبول به. يتكون هذا البحث من فصلين ومجموعة من النتائج وقائمة المصادر والمراجع بهذا الشكل:

الفصل الأول يتناول الإفتراض المسبق في الاعلان، تعريف الإفتراض المسبق والاعلان، ثم الاعلان وأثره، نتائج الاعلان، اسباب التأثير والاقناع في الاعلان التجاري، اسلوب صياغة الاعلان التجاري..

الفصل الثاني يتناول دور اللغة في الإفتراض المسبق للإعلان بصورة عامة واسلوب السخرية بشكل خاص، ويتحدث عن الإفتراض المسبق في الاعلان التجاري، دور اللغة في الإفتراض المسبق التجارية، أسس لغة الإعلان، ارضاء وخطوات الارضاء، اسس الارضاء في الاعلان التجاري، اسلوب السخرية في الاعلان التجاري، اشكال عرض الاعلان بطريقة السخرية.

**الكلمات الدالة:** اللغة، الإفتراض المسبق ، الاعلان التجاري، اسلوب السخرية، ارضاء.

## Abstract

This study which is entitled (Assumptions in Commercial Advertising - Humorous Style for Example) discusses the role of language in the preparation of television commercials. The language of commercial advertising should be attractive, short and simple to convince the people to buy the product. Therefore, the role of assumptions is discussed, how important it is for the preparation of advertising. The advertiser must have a good advertising skill of the other person's mind through assumptions to know his preferences and needs. Accordingly, the humorous style has been worked on, because in advertising it is important to influence the audience and change the direction of their thoughts, in order for them to enjoy it, and then be satisfied. This study consists of two parts, several results and a list of sources as follows:

The first part deals with (assumptions in advertising), introducing assumptions and advertising, then advertising and its effects, advertising objectives, factors of effectiveness and persuasion in commercial advertising, methods of designing commercial advertising.

The second part discusses the role of language in advertising in general and humorous advertising in particular, the role of language in commercial advertising, the linguistic principles of advertising, persuasion and persuasion steps, principles of persuasion in commercial advertising, humorous styles of advertising In business, humorous advertising presentations.

**Keywords include**: language, assumptions, commercial advertising ,humo persuasion.